# بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبەرەوە

خوشــکانی میرابال، ٤ خوشــکی شۆڕشگێڕ بوون کە ٣ کەس لەم خۆشــکانە، بــە ناوەکانی پاتریا مێرســێدس میرابــاڵ ، ماریــا ئارژانتینــا مینێروا میرابــال، ئانتۆنیــا ماریا تــێرازا میرابال ڕۆژی ٢٥ نوامــبری ١٩٦٠ لە خەبات دژ بــە دیکتاتۆرییەتی رافائل ترۆخیۆ لــە کۆماری دۆمینیکەن ، گیانیان لــە دەســت دا و لە لایــەن ڕژیمــی دیکتاتۆرەوە لــەم ڕۆژەدا، کوژران. چەند ســاڵ دواتر کوژرانی ئەم ســێ خۆشکەشۆڕشــگێڕ و چالاکی سیاسییە لــە لایــەن دیکتاتــۆری ترۆخیۆ وە بــە ڕەمزی توندووتیژی دژ بە ژنان و لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بووە بــە ڕەمزی خەبات دژ بە توندووتیژی بەرامبەر بە ژنان، تا ئەوەی ڕۆژی ١٧ ئۆکتۆبری ١٩٩٩ کۆمەڵی گشــتی نەتەوە یەکگرتــووەکان، لــە ٨٣ هەمین کۆبوونەوەی گشتی خولی ٥٤ی خۆیدا ، ڕۆژی ٢٥ نوامبری وەك ڕۆژی نەهێشــتنی توندوتیژی دیاری کــرد. لەو ســاڵە بــە دواوە ڕۆژی ٢٥ی نوامبر لە هەموو شــوێنی جیهــان ، وەك ڕەمزێ خەبات بۆ نەهێشــتنی توندوتیژی دەناســرێ و کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوەو خۆپیشــاندان لەم ڕۆژەدا ساز دەکرێ.

**توندوتیژی چییە؟**

کــە بــاس لــە ٢٥ی نۆڤامبــەر و ڕۆژی خەبات بۆ نەهێشــتنی توندووتیژی دەکرێ ســەرەتا باشتر وایە پێناسەیەکی ئەم چەمکە بکرێت.

ئــەو کاتەی باس لە چەمکــی توندوتیژی دەکرێ، کێشــەیەکی گەورە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە تا ئێســتا پێناسەیەکی کۆنکرێت و دیاری کراو لە توندووتیــژی نەدراوە بە دەســتەوە، بەشــێك لە کۆمەڵناسان و دەروونناسان لەوانە گێلز و ستراوس توندوتیژی بە هەڵسووکەوتێکی مەبەستدار دەزانن کە خەســاری جەستەیی و دەروونی هەیە بۆ سەر تاك . بە شــێوەیەك دەتوانــین بڵێین توندووتیژی چەند جــۆری هەیە کە بە ٢ شــێوە پۆلین بەندی دەکرێن.

**١- توندووتیــژی جەســتەیی ٢- توندووتیــژی دەروونی**

توندووتیژی جەستەیی بە هەر جووڵە و حەرەکەت دەوتری کە بە شێوەی فیزیکی کاریگەری هەیە لە سەر بەرامبەر. وەك شکاندنی شوێنێك. سوورەوە بوون، بریندار بوون ، هەندی جار کوشتن، یان هەر جۆرە نیشانەیەکی تر. لەم جۆرە توندووتیژییەدا ئاسەوارەکانی توندووتیژی بە تەواوی دیارە و ئەو کەسەی ڕووبەڕووی توندووتیژی بۆتەوە دەتوانێ بە چوونە بەردەم یاســا ، ســکالا دژ بە کەس یان گرووپی توندووتیژ بەرز بکاتەوە.



پاتریا ,مینەرفا ,ماریا

جۆرێکیتــری توندووتیــژی ، کە بــە ڕواڵەت هیچ نیشــانەیەکی نییــە ، توندوتیــژی دەروونییــە. ســووکایەتی پــێ کــردن. جنێــو دان. توانــج خســتن لــەو جــۆرە توندوتیژییــە دەروونیانەن کــە کاریگــەری دەروونــی قوڵیان هەیە لە ســەر بەرامبــەر و لــە هەمانکاتیشــدا ســەلماندنیان لە بــەردەم ناوەنــدە بڕیاردەرەکانــدا ئەســتەمە. لــێرەدا پێویســتە یــەك خــاڵ ئاماژە پــێ بدەین ئەویش ئەوەیــە ئاڵۆز بوونی چەمکی توندووتیژی وای کــردووە هەنــدێ جار ئەم کانســێپتە جۆرێ ڕێژەگەرایــی کولتــووری بە خۆیــەوە ببینێ. بۆ وێنــە ڕەنگــە ئــەو ئــاکارەی لــە کۆمەڵگایەکدا توندووتیــژی بێت لە کۆمەڵگایەکی تردا شــتێکی عادی بێت یــان بە پێچەوانەوە. کە چی دەروونی مرۆڤەکان زۆر جار بەرامبەر بە ئاکار و جووڵەکان وەك یــەك هەڵوێســت دەگــرێ. لە گــەڵ ئەمەش هەندێ لە لایەنەکانی توندوتیژی تا ئێســتاش لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان بێدەنگەیان بەرامبەر دەکرێ. بۆ وێنە توندووتیژی سێکســی یەکێك لە باوترین شــێوەکانی توندووتیژییە، بەڵام بە هۆی باســگەلێکی وەك شــەرم و حەیــا و شــەرەفەوە ئــەم جــۆرەی توندووتیژی لــە بەشــێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان باسی لێوە ناکرێ.

**هۆکارەکانی توندووتیژی**

ئــەو کاتەی بــاس لــە توندووتیــژی بەرامبەر بە ژنان دەکــرێ، دەتوانین بڵــێن کۆمەڵێك هۆکاری ســەرەکی لــە پشــت ئــەم دیــاردەوە. یەکــەم هۆکار : سیســتەمی باوك ســالارییە. سیســتەمی بــاوك ســالاری و کولتووری بەرهــەم هاتووی ئەم سیســتەمە دەتوانــین بڵێــین لــە زۆربــەی زۆری وڵاتانی جیهاندا یەکێك لە گەورەترین هۆکارەکانی توندوتیژیــە دژ بــە ژنــان. لــە چوارچێوەی ئەم کولتوورەدا تەنانەت بەشــێك لــە ژنانیش هەندێ جار دەبن بــە هێزی توندوتیژ نوێــن بەرامبەر بە هاورەگەزەکانیان.

یەکێکــی تــر هۆکارەکانی توندوتیــژی نواندن لە بەشــێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان، ئایینە. ئایین لە بەشــێکی زۆر لە وڵاتان پێوەندییەکی دوولایەنەی پەیدا کردووە لە گــەڵ کولتوور ، لە گەڵ ئەمەش هەندی لە فەرمانە ئایینییەکان خۆیان هۆکارێکی مەشــرووعیەت دانن بە توندووتیــژی دژ بە ژنان. هەندێ جاریش عورفــە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ و بــۆی فەرمانێکــی ئایینی دەگرنە خــۆ و دەبن بە هۆکاری توندووتیژی نواندن دژ بە ژنان.

لــە بەشــێك لــە کۆمەڵگاکانــدا، سیســتەمی کۆمەڵایەتــی، وەك سیســتەمی عەشــیرەیی لــە کوردستان و بەشێك لە کۆمەڵگاکانی تر، هۆکاری توندووتیژین دژ بە ژنان. لە کولتووری عەشیرەیی و تایفییدا ژن موڵکی عەشــیرە و تایفەیە و ئەرکی هەمــوو پیاوانــی عەشــیرەیە پارێزگــاری بکــەن لەم موڵکــە، زۆر جاریش بە بیانــووی نامووس و شــەرەف و پارێزگــاری لە ناموســەوە ژنان لەم چەشنە سیستەمەدا دەبن بە قوربانی.

**یاسا و توندووتیژی**

دەکرێ یاسا بە هۆکارێکیتری توندووتیژی بزانین لە بەشــێك لــە وڵاتانی جیهــان، لەوانەش وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، بۆ وێنــە لە وڵاتێکی وەك ئێران، یاسای دوا کەوتووانەی کۆماری ئیسلامی، هۆکارێکــە بە توندووتیــژی دژ بە ژنان. لە ڕێگای یاســاوە ئیزن دراوە بە هەر چەشــنە توندووتیژی نواندنێــك دژ بــە ژنان. ئەو کاتەی هــەر بە ٢ ژن پیاوێکن لە بەرامبەر یاسادا، ئەو کاتەی شاهیدی ژن قبووڵ ناکرێ، ئەو کاتەی بە پێی یاساژن بۆی نییە لە بەشــێکی زۆر لە پۆســتە کۆمەڵایەتییە و سیاســی و ئیدارییەکانــدا بەشــداری بکات، ئەو کاتەی لە لایەن یاســاوە ئیــزن بە پیاو دەدرێ بە هەر بیانوویەك بێت ژنی دووهەم بێنێ و یاسا ئیزن بــە فرە ژنی دەدات، ئەو کاتەی مافی پۆشــش بە پێی یاســا لە ژنــان دەســەندرێتەوە، ئەو کاتەیە ڕەنــگ و بۆی یاســا وەك لایەنێکــی توندووتیژی نوێن دژ بە ژنان دەدەکەوێ.

**توندووتیژی خێزانی**

یەکێــك لــە باوتریــن شــێوەکانی توندووتیــژی، توندووتیژی خێزانی یان توندووتیژی بنەماڵەییە. لە راســتییدا زۆربەی زۆری ژنان لە لایەن کەسانی نزیکیانــەوە ڕووبــەڕووی توندووتیــژی دەبنەوە. هاوســەر، هاوژیــان، بــاوك و برا و کەســانی تری بنەماڵــە هۆکاری ئەم توندووتیژی نواندنەن و زۆر جاریــش بە هۆکاری جۆراوجــۆر لە لایەن ژنانەوە بێدەنگــە دەکــرێ بەرامبــەر بــەم توندووتیــژی نواندنانە. لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان و لەوانە کۆمەڵگای کــوردیدا ، خێزان بە چوارچێوەیەکی پیرۆز دەزانرێ کە پێویســتە هەموو شــتێکی ئەم چوارچێوەیــە لــە ناو خێزانــدا بمێنێتــەوەو درز نەکاتــە دەرەوە. پیاوانیــش وەك بەڕێوەبەرانی بنەماڵــەکان بــە چەشــنی دیکتاتۆرێــك لــە نــاو خێزانەکانــدا هەڵســووکەوت دەکەن. شــەرم یان ترســی ژنان لەوەی کە ســکالا دژ بــە ئەندامانی بنەماڵــە بــەرز بکەنــەوە، هۆکارێکــی گــەورەی چەوساندنەوەی ژنانە لە ناو ماڵەکاندا.

**کاریگەرییەکانی توندووتیژی**

کاتێــك باس لــە توندووتیــژی و کاریگەرییەکانی دەکەیــن، ئەوە نییــە ، توندووتیژی نواندن تەنها کاریگــەری نەگەتیڤی لە ســەر تاك یــان گرووپی قوربانی ببێت، بەڵکوو هەر کردەیەکی توندووتیژ کاریگــەری خراپــی هەیــە لــە ســەر کۆمەڵگــا و دەورووبەریــش. ڕاستە بە شــێوەیەکی هەســت پێکراو کەســێك دەبێت بە قوربانی، بەڵام بازنەی قوربانییەکانــی توندووتیژی نوانــدن زۆر زیاتر لە تاکێکــە. توندووتیژی کاریگەر دەروونی و ماددی و مەعنەوی هەیە لە ســەر کەســانی دەورووبەری تاکی قوربانی. بۆیە ئەرکی ســەرجەم کۆمەڵگایە دژ بە توندووتیژی و کاریگەرییەکانی بوەستنەوەو دیــاردەی توندووتیــژی دژ بــە ژنــان تەنها گرێ نەدەنەوە بە ژنان. ئەرکی سەرجەم کۆمەڵگا و بە تایبــەت چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاســییە دژ بە توندووتیژی نواندن بەرامبەر بە ژنان بوەستنەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئارام و ســەقامگیر دا کە هەموو تاکێك هەســت بە ئاسوودەیی بکا و بزانێ لە باری جەستەیی و دەروونییە پارێزراوە، لە کۆمەڵگایەدا پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستییەکان زۆر خێراتــرە لەو کۆمەڵگایــەی تاکەکانی کۆمەڵ هەست بە ئاسوودەیی ناکەن.

**سەربەخۆی ئابووری و توندووتیژی**

یەکێــك لــە هۆکارەکانــی توندووتیــژی نوانــدن دژ بــە ژنان، ســەربەخۆ نەبوونی ژنانــە لە باری ئابوورییەوە، هەربۆیە فێمنیستە مارکسیستەکان زیاتــر لــە هــەر شت، جەخت لــە ســەر ئەوە دەکەنــەوە، بــۆ نەمانــی چەوســانەوەی ژنان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا پێویســتە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی ژنان لە باری ئابوورییەوە ســەربەخۆ بن. ســەربەخۆ نەبوونی ئابووری، ژنان دەبەستێتەوە بــە پیاو یان پیاوانێکەوە، لــەم حاڵەتەدا ژنان بۆ بەڕێوە چوونی بژێــوی ژیانیان، ناچارن بەرامبەر بــە توندووتیژی ڕەگەزی بەرامبەر بێدەنگ بن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ژنان لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و خۆبژێو بن.

**میدیا و وەستانەوە دژ بە توندووتیژی**

میدیا و ڕاگەیاندنەکان دەتوانن دەورێکی سەرەکی بگــێڕن لە وشیار کردنــەوەی تاکــەکان کۆمەڵ بەوەی دژ بە توندووتیژی نواندن بەرامبەر بە ژنان بوەســتنەوە. بەڵام بە داخەوە تا ئێســتا میدیای کوردی بە شــێوەیەکی بەرچاو کەمتەرخەم بووە بەرامبەر بە پرســی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان و ســەرەڕای بوونی چەندین کاناڵی تەلەفیزیۆنی و دەیان کاناڵی ڕادیۆیی، پەرژانە ســەر پرسی ژنان لــە ناو میدیاکاندا زۆر کەمە . پێویســتە لە لایەن ماس میدیای کوردییــەوە زیاتر گرینگی بدرێ بە پرســی ژنان چون بێگومان ئەو دەکرێ هەست بە ئازادی لە کۆمەڵگایەکدا بکرێ کە ژن ئازاد بێت.

# حیجابی ئیسلامی ئایدۆلۆژیە نەك پۆشش(٢)

**شکوە میرزادەگی**
**و: ڕێبوار ئەحمەدی**

**یەکەمــین وڵاتــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حیجابی ئیسلامیدا:**

لە وڵاتی تورکییە ســەرهەڵدانی شــەپۆلی بەرینی حیجاب پۆشــانی ئیسلامی_سیاســی کاریگەری قورســتری هەبــوو. لەبەر ئــەوەی کە ســێکۆلار بوون و بە شــێوەی ســێکۆلار ژیان کردن هێشــتا لە فەرهەنگی گشــتی خەڵکی ئەم وڵاتە بە ڕادەی وڵاتانــی ڕۆژئاوایــی پەرەی نەســەندبوو و دزەی نەکردبووە ســوچ و قوژبنی ئەو کۆمەڵگایەوە، لە هەمانکاتدا پاش ســەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی ئــێران، ئەم وڵاتە لەگــەڵ پڕوپاگەندەی چڕوپڕی حکوومەتی ئیسلامی بەرەوڕوو بوەوە، بە جۆرێك کە ساڵانە چەندین میلیارد پارە بۆ پڕوپاگەندەی ئیسلامی بە تایبەت پڕوپاگەندەی پەیوەندیدار بە حیجابی ئیسلامی تەرخان و بۆ ئەو وڵاتە هەناردە دەکرا. ئەم پرسە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زەقتر دەبوەوە، تــا ئــەو جێگایــەی کــە دڵســۆزان و لایەنگرانی کۆمەڵگای تورك، بە تایبەت ئەوانەی کە هەستیان بــە مەترســی لەناوچوونــی ناوەڕۆکی ســێکۆلار بوونــی وڵاتەکەیان تووشــی گرفت ببێــت یان لە ناوبچێت. ســاڵی ١٩٨٠ی زایینی ڕەشنووســێکیان پێشــکەش بە مەجلیسی ئەو وڵاتە کرد کە تێیدا، کەڵك وەرگرتن لە لە حیجابی ئیســلامی لە ئیدارە و زانســتگاکان بە پێی ناوەڕۆکی ئەو ڕەشنووسە قەدەغە دەکرا. هەر لەم ساڵەدا ئەرتەشی تورکیە کــە بە پێــی یاســای بنەڕەتی ئەو وڵاتــە یەکێك لــە ئەرکەکانی پاراســتنی نــاوەڕۆك و ماهییەتی ســێکۆلار بوونــی وڵاتــی تورکیەیــە، وێڕای لە بەرچاوگرتنی پەرەسەندنی تیرۆریزمی خیابانی و قەیرانی هەڵبژاردنــی پارلمانی، کودەتایەکی پێك هێنا کە بەو بۆنەیەوە ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتی وڵاتی تورکیە هاتە ئاراوە. لە یاسای قەدغەکردنی حیجابدا هاتبوو کە سەرپۆشی گەورەی سوننەتی کــە لە»ژنانــی هۆگــری حیجابــی ئیســلامی لــە دەورەی عوسمانییەکانــەوە تــا ئــەو دەورەیــە کەڵکیان لێ وەردەگــرت» بەرگری ناکرێت بەڵام، لەگەڵ حیجابی سیاســی ئیســلامی»ئەو جۆرەی کــە کۆماری ئیســلامی پڕوپاگەندەی بۆ کردبوو» دژایەتــی دەکرێت و بەو جــۆرە حیجابەوە کەس بۆی نییە بچێتە ئیدارەو ڕێکخراوە فێرکارییەکان. بەڵام لە مانگی فێڤرییەی ســاڵی ٢٠٠٦ی زاینیدا، حیزبــی دەســەڵاتدار»عدالت و توســعە» کــە زۆربــەی ڕێبەرانیــان مەزهەبــی بــوون و زۆربەی ســکۆکانی پارلمانی تورکیەیان لە بە دەســتەوە بوو، یاسایەکی بە پشــتیوانی چەند حیزبی دیکە پەسەند کرد کە بە پێی ئەو یاسایە ئیزن بە کچانی خوێندکار دەدرا کە بە حیجابی ئیسلامییەوە بچنە نێو زانستگاکان. ئەم یاســایە نارەزایەتی توندی لایەنگرانی جیایی دین لە سیاســەت بە تایبەت،: بەرپرســانی بەشێك لە زانســتگاکان و نیزامیانی بەدواوە بوو و لە ڕاستیدا دەستیان دایە بەرەنگار بوونەوەیەکی جیدی دژ بە حیزبی دەسەڵاتدار.

نەیارانی چاکسازی حیجاب، نارەزایەتی و شکایەتی خۆیان بردە لای دادگای یاسای بنەڕەتی تورکیە، بە مەبەستی ڕەدکردنەوەی ئازادکردنی حیجاب لە زانســتگاکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان خستە گەڕو لــە ئاکامدا ئــەم دادگایە ڕای وابــوو کە مەجلیس بە دەنگی ئەرێنی خۆی بەم چاکســازییە، ئەسڵی جیایی دین لە سیاسەت، کە وەك خاڵێکی گرینگ لە لە یاســای بنەڕەتی ئەم وڵاتە ئەژمار دەکرێت بە بوونی وەها سیستمێك پێشێل کراوە.

دادســتانی گشــتی تورکیــەش، بــە دانــی ڕەشنووســێکی جیا دژ بە پارتی داد و گەشــە بە دادگــای یاســای بنەڕەتی، چالاکی ئــەم پارتەی بە دژی یاســای بنەڕەتــی ناو لێــبردو خوازیاری لەناوبردنــی ئەم پارتــەو و قەدەغەکردنی چالاکی ئەندامانــی ســەرەکی ئەم پارتە لەوانە: ســەرۆك وەزیران و زۆرێك لــە ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت بوو. لە هەمانکاتدا ســەرۆك کۆمــاری تورکیەش، کە تا گەیشــتن بە پۆستی ســەرۆك کۆمارییەکەی ئەندامی ئــەم پارتە بوو، لەو کەســانە بوو کە لە ڕەشنووســەکەدا داوای قەدەغەکردنــی چالاکــی سیاسی کرابوو.

ئێستاکە پارتی داد و گەشەو هەروەها پارێزەرانی قەدەغەکردنی حیجابی ئیسلامی لە زانستگاکان، جەخت لە ســەر مــافی ئازادی ژنان ســەبارەت بە دیــاری کــردن و چۆنییەتــی حیجابــی خۆیــان دەکەنــەوەو تەیەب ئەردۆغان ســەرۆك وەزیرانی تورکیەش ئەم پرسە بە گارانتی ئەو ئازادییە تاکە کەســییە دەزانێت کە مەرجی پەیوەســت بوونی تورکیە بــە یەکیەتی ئورووپاوەیــە. بەڵام، ئەوە بــەدی ناکرێــت کە وڵاتانی ڕۆژئاوایــی هیچ جۆرە لایەنگرییەکــی چوونی ئەو جــۆرە ژنانەیان بکەن کــە بە حیجابی ئیسلامی_سیاســییەوە بچنە نێو زانستگاکانەوە.

دادگــای باڵای ڕۆژئاوا ســەبارەت بە پرســی مافی مرۆڤ لە ســاڵی ٢٠٠٤ و شــکایەتی لەیلا شــاهین، خوێندکاری بواری پزیشکی، کە بە هۆی سەرپێچی لە لابردنی ســەرپۆش لــە خوێنــدن بێبەش کرا، ئەمەی بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نەزانی.

لەگــەڵ ئەمــەدا هاوســەری ئەردۆغــان ســەرۆك وەزیرانــی مەزهەبیی تورکیــە، لە جۆری حیجابی ئیســلامی کەڵکــی وەردەگــرت. لــە کاتێکدا کە هــەزاران ملیۆن دۆلاری لە ســەرو ســیمای خۆیدا ســەرف دەکرد و جلی تەنگ و ئارایشێکی تۆخی دەکرد، سەری خۆی بە سەرپۆشێك توند دەپێچا.

لە ڕاســتیدا ئاشــکرا نییە کە ئەگەر فەلســەفەی حیجاب_لــەو جــۆرەی کــە ئــەم ئیســلامییانە دەیانویســت_بۆ بەرگرتن لە ڕاکێشــانی سرنجی خەڵــك بێــت، وەهــا ژنێك کە ســەرو ڕوخســاری خۆی بەم شێوەیە نائاسایی دەکات زیاتر دەبێتە هۆی ڕاکێشــانی ســرنجی خەڵك تا ئــەو ژنەی کە بە شــێوەیەکی ئاســایی جل لەبەر دەکات یان بە هۆی بــاوەڕە مەزهەبییەکانییەوە سەرپۆشــێکی سونەتی لەسەر دەکات.

**حیجاب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و لــە نێــوان وڵاتانی موســوڵمان، کەماڵ ئاتاتۆرك و پاشــان ڕەزاشای پەهلەویــی، دوو کەســایەتی بــوون کــە کەڵــك وەرگرتــن لــە حیجابیــان قەدەغــە کــرد. دەبێ بوتــرێ ئەمانوڵڵا خان پادشــای ئەفغانســتانیش کە بە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ ئازادی پۆششی لــە ئەفغانســتان ڕاگەیاندبــوو و هاوســەرەکەی، مەلەکە ســورەییا، لە زۆربــەی ڕێوڕەسمەکان بە تایبەت ڕێوڕەسمە دەرەکییەکاندا بە بێ پۆششی حیجاب بەشــداری دەکرد. بــۆ یەکەمین جار و لە ســاڵی ١٣٠٨ی کۆچی مانگی وێڕای ئەمانوڵڵاخان سەردانی ئێرانیان کرد. ڕۆحانییەکان لە ئێران لەو کاتەدا نارەزایەتی توندیان بەانبەر بەم کردەوە لە خۆیان نیشــاندا و داوایان لە ڕەزاخان کرد کە داوا لە مەلەکەی ئەفغانســتان بکات لە ئێران پۆششی حیجــاب لەبەرچاو بگرێــت بــەڵام، ڕەزاخان ئەم خواستەی ڕۆحانییەکانی بەجی نەهێنا و بەرانبەر بەم کردەوە بێدەنگ بوو. ماویەتی...